# کەمی زانیاری لەسەر عێراق تورکەکانی بەلاڕێدا بردووە

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



ئیلنور چەڤیک

دوایین تۆمەتبارکردنی دەنیز بایکاڵی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر حکومەت، ئەو زانیارییە هەڵانەبوو کە لە عێراقەوە دێتە تورکیا و حکومەتی پێ تاوانبار دەکرێ.

ئەو پێیوایە هۆکارەکەی ئەوەیە زانیاری پێویست و تەندروستیان لەسەر بەرەوپێشەوەچوونی عێراق نییە.

بایکاڵ، رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیران بەوە تۆمەتبار دەکا کە کاتێکی زۆری بۆ ئەو ١٥ سەربازەی بەریتانیا کە لەلایەن ئێرانەوە دەستگیر کرابوون بەفیڕۆدا، لە کاتێکدا تورکمانەکانی تەلەعفەری پشتگوێ خست، کە بەهۆی بۆمبێکی خۆکوژەوە دەرزەنێک هاووڵاتی سیڤل گیانیان لەدەستدا.

بەڵام من دەڵێم بایکاڵ ئەو مردنە بەهەڵە بوو، پێش هەموو شت پێویستە هەقیقەتی رووداوەکەی تەلەعفەر بزانیت، راستە دەرزەنێک هاووڵاتی سیڤل لەو کردەوە تیرۆریستییە گیانیان لەدەستدا، بەڵام بەداخەوە بەپێی زانیاریەکان، تورکمانە سوننیەکان هاوپەیمانیان لەگەڵ عەرەبی سوننە کردووە و تورکمانە شیعەکانیش بوونەتە بەشێک لەو کێشەیە.

تورکمانە سوننەکان لەگەڵ عەرەبەکانی هاوپەیمانیان بە ئوتومبیلی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کردۆتە سەر تورکمانە شیعەکان لە تەلەعفەر و لە ئاکامدا ژمارەیەک خەڵک کوژراون، تورکمانە شیعەکانیش بۆ تۆڵەسەندنەوە هێرشیان کرۆتە سەر تورکمانە سوننەکان و کۆمەڵێکیان کوشتۆتەوە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخە ئەوەیە کە تورکمانە شیعەکان خۆیان بە تورکمان نازانن، ئەوان تەنیا خۆیان بە شیعە دەزانن و لایەنگیری ئێران دەکەن، هەر بۆیە ئەوەی لە تەلەعفەر روویداوە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی لە بەغدا، یان هەر شوێنێکی عێراق روو دەدات، ئەمە بەشێکە لەو گرفتە مەزهەبیە خوێناوییەی کە تورک ناتوانێت هیچ شتێک بکات، هەر بۆیە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بکرێتە مەسەلەیەک و، وەک گرفتی تورکمان سەیر بکرێت، هەڵەیەکی کوشندەیە، پێویستە بایکاڵ دڵشاد بێت بەوەی تورکیا هەوڵێکی باشی داوە بۆ ئەوەی سەربازە بەریتانیەکان رزگاریان بێت، ئومێدەوارم بەراستیش هەوڵەکانی تورکیا رۆڵێکی کاریگەری لە رزگارکردنیاندا هەبووبێت.

ئەو بۆمبانەی لە تەلەعفەر بینیمان، هەمان ئەو بۆمبانەن کە ئێستا دەیانەوێت ژیان لە کەرکووک رابگرن، عەرەبە تیرۆریستەکان، ئەوانەی لە دەوروبەری بەغدا هەڵاتوون دەیانەوێت کەرکووک بکەنە ناوچەیەکی محرەمە و، دێن بۆمبی خۆکوژی لە گەڕەکەکانی کورد و تورکمان دەتەقێننەوە، بۆ ئەوەی هەر دوولا یەکتری تۆمەتبار بکەن، ئاشکراشە عەرەبە توندڕۆکان لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ ئەوەی دوژمنایەتی بخەنە نێوان کوردو تورکمان و کێشەکان ئاڵۆزتر بکەن، پێموایە زۆر کەسیش لە تورکیا کەوتۆتە نێو ئەم تەڵەیەوە.

سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاری دەربارەی هەرێمی کوردستان گوایە ئیدارەی کوردستان پشگیری پەکەکە دەکات. لەم سۆنگەیەوەهەردوولا پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و یەکێتی نیشمانی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، زۆر بە توندی ئەوە رەت دەکەنەوە و پێیان وایە خەڵکی کوردستانی عێراق پەکەکەیان خۆشناوێت.

بارزانی لەگەڵ ئەوەی بەوە ناسراوە هەستی نەتەوەیی هەیە، رێگەی نەدا کۆنفرانسێک لەسەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان گرێبدرێت، هەروەها رێگەی نەدا لە ساڵیادی گیرانی ئۆجەلاندا پرۆتۆستۆی تورکیا بکرێت، هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی رێگە بەو رۆژنامەنووسانە نادات کە بیانەوێت پڕوپاگەندە بۆ پەکەکە بکەن.

بەڵام هەموو ئەم راستیانە بەشێوەیەکی هەڵە پیشانی رای گشتی تورکیا دەدرێت، ئەو زانیارییە کەمەش کە لەسەر ناوچەکە دێت ئەوانەش زانیاری هەڵەن.

پێویستە ئێمە لەو زانیارییانە دڵنیابین کە دێتە تورکیا، میدیاکانی تورکیا پێویستە هەوڵێکی زیاتر بدەن، لەمبارەیەوە دەسەڵاتی کوردیش لە هەولێر پێویستە زیاتر زانیاریان بخاتە بەردەست.

(ژمارە:٦٢٨)٢٠٠٧/٤/٢